# کاتێک دەخەون ئاگر بە داگیرساوی جێمەهێڵن لە ماڵەکانتان

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک دەخەون ئاگر بە داگیرساوی جێمەهێڵن لە ماڵەکانتان».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی ئومەتەکەی بخەون پێش ئەوەی هەموو ئاگرەکان دەکوژێننەوە وهیچ ئاگرێک بە داگیرساوی نامێنێت، واتا دەبێت پێش خەوتن هەموو ئاگرێک بکوژێندرێتەوە چونکە ئاگری داگیرساو لە کاتێکدا کەس بەخەبەر نییە گەلێک زیانی هەیە، ولە فەرموودەی تر وردەکاری تر باسکراوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee